# خوای گەورە هەندێک فریشتەی هەیە بەسەر زەویدا دەگەڕێن؛ سەلامی ئومەتەکەم دەگەیەنن بە من

لە عبداللهی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە هەندێک فریشتەی هەیە بەسەر زەویدا دەگەڕێن؛ سەلامی ئومەتەکەم دەگەیەنن بە من».
[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە خوای گەورە هەندێک فریشتەی هەیە زۆر بەسەر زەویدا دەگەڕێن، ئەگەر کەسێک لەم ئومەتە سەلام بکات لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوا ئەو فریشتانە سەلامەکە دەگەیەنن بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، دەڵێن: فڵان سەلامی لێتکرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10553

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee